عێراق پێرەشی خێی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ئەمریکا بۆ دووپات دەکاتەوە

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرەسی ئەمریکا، ئەمڕۆ یەکشەممە پابەندبوونی خۆیان بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە ستراتیژییەکان بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی بەغدا و واشنتۆن دووپاتکردەوە.

نوسینگەی هاگیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەهاگیەندراوەکدا کەدستی موتەبع کەوتووە بڵاویکردەوە،"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی کرد لە ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرەسی ئەمریکا، و تاوتوێی پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات و چەنیەتی پتەوکردنیان لە بواری جیاجیاکاندا کرد.

هەر بەپێی هاگیەندراوەکە سەرۆک وەزیران لە دیدارەکەدا جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندییە ستراتیژییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان کردەوە، کە سوودی بۆ هەردوو گەلی دەست هەیە و ئاماژەی بەوەشکرد حکومەت پێشوازی لە هەموو هەوڵێک دەکات، بۆ سەقامگیرکردنی ئارامی لە ناوچەکە و پشتیوانی کردنی عێراق بۆ کەبوونەوە و دیالۆگەکان، بۆ مەبەستی کۆتاییهێنان بۆ گرژییەکان و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری.

سودانی جەختی لەوە کردەوە کە عێراق بە بەردەوامی بەرەو بەدیهێنانی گۆشەپەدانی گشتگیر و چاکسازی و شایستەکان هەنگاو دەنێت، و گرنگترینیان ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانییە کە پابەندبوونی گەلی عێراق بە دیموکراسی دووپات دەکاتەوە.

لە لای خۆیانەوە ئەندامانی کۆنگرەسی ئەمریکا کە بریتین لە بەڕێزان مایکل باومگارتنەر لە پارتی کۆماری و ئادەم سمیث و جەرج وایتساید و ویسلی بۆ و خاتوو سارا جاکۆبس لە پارتی دیموکرات، ئاماژەیان بە گرنگی پێوەندییەکان لەگەڵ عێراق کرد، وەک هاوبەشێکی گرنگ لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و لە سەردانەکەیاندا ستایشی ئەو سەرکەوتنانەیان کرد کە حکومەتی عێراق لە گۆشەپەدان و بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە لە بواری جیاوازەکاندا بەدەستیهێناوە.